# بەدواداچوونی راپۆرتی رێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی

# ئاوارەکان

**(ئۆفیسی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان)**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**2021 Updated**

ماوەی چەند ساڵێک دەبێت بەتایبەتی دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش و دەستبەسەرداگرتنی ناوچەیەکی زۆر و دواتریش ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بۆ رزگار کردنی چەند ناوچەیەک وەک تکریت و دیالا و فەلوجە و چەند ناوچەیەکی دیکە، ژمارەیەکی زۆری ئاوارە روویان لە هەرێمی کوردستان کرد ئەمەش بارگرانییەکی زۆری درووستکرد لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بەتایبەتی لە رووی کۆنترۆڵ کردن و رێکخستنی هاتنی ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارە.

بۆ پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان و رێگە گرتن لە دزە کردنی تیرۆریستان، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم چەند رێوشوێنێکی ئەمنی تایبەت لە شوێنی هاتنی ئاوارەکان و بازگە و خاڵەکانی پشکنین پیادە دەکەن کە ئەمەش لە کاتی شەڕدا ئاساییە و هەر شوێنێک شەڕی تێدا بێت ئەم رێوشوێنانە پیادە دەکرێن، لە چوارچێوەی ئەم رێوشوێنانەشدا و بە گوێرەی زانیاری لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەو کەسانەی کە تۆمەتبار و گومانلێکراون بە پێی یاسا دەستگیر دەکرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، دواتریش ئەو هاووڵاتیانەی کە گۆمانیان لەسەر نییە و دڵنیا دەبن رەوانەی کەمپەکانی نیشتەجێکردنی ئاوارە و پەنابەران دەکرێن کە حکومەتی هەرێم ئامادەی کردووە و یارمەتی دەدرێن.

## یەکەم: پشکنینی ئەمنی ئاوارەکان

**<u>وەزارەتی پێشمەرگە:</u>**

ئەو رێوشوێنانەی کە لە بازگەکاندا پەیرەو دەکرێن کارێکی ئاساییە و پەیوەندی بە ئاسایشی و سەقامگیریی هەرێمەوە هەیە و هەموو جیهان رێوشوێنی تایبەت دەگیرێتە بەر بۆ پاراستنی ئاسایش بۆ وردبینی و دڵنیا بوون لە ناسنامەی ئاوارە و پەنابەران لەگەڵ ئەو زانیاریانەی هەیە دەربارەی لیستی ناوی تیرۆریستان لای دامودەزگا ئەمنییەکان، ئەم رێوشوێنانەش تەنیا بۆ پاراستنی سەلامەتی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە بە ئاوارەکانیشەوە و تەنیا ئاوارە و پەنابەران ناگرێتەوە، بەڵکو هەر کەسێك بە بازگەکان تێپەڕ بێت داوای ناسنامەی لێدەکرێت، چونکە کۆنترۆڵکردنی ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارە ئاسان نییە و پێویستە رێوشوێنی تایبەت لە بازگەکان بگیرێتە بەر بەتایبەتی کە سنوورێکی زیاتر لە (1000) کیلۆمەتریمان لەگەڵ داعش هەیە.سەرەڕای ئەمەش وەزارەتی پیشمەرگە بە درێژایی هێڵی تەماسی نێوان پێشمەرگە و داعش کە (1000) هەزار کیلۆمەتر زیاترە ژمارەیەکی زۆری ئاوارە هەیە وەزارەتی پێشمەرگە ئاسانکاری زۆری کردووە بۆ مەبەستی گەیاندنی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان. هەروەها هەر کەسێك لە ئاوارەکان سکاڵا بەرز بکاتەوە دژی پێشمەرگە و کارمەندانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە و بەڵگەی سەلمێنەری هەبێت لەو رووە کە مافی پێشێل

کراوە  لە ڕێگای فەرمانگەی یاسایی وەزارەتەوە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەنجامدەرانی ئەم ڕەفتارانە دەکەن و هاریکاری ئەو کەسانە دەکەن کە داوای مافی خۆیانە بکەن.

## فەریق جەمال  سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە:

سەرەڕای سەختی بارودۆخی ئابووری لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم هەوڵیانداوە پێداویستییە سەرەکییەکانیان بۆ دابین بکات، تەنانەت پێش ئەوەی ئەم خانەوادە عەرەبانە بگەنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم هێزی پێشمەرگە یارمەتیداون.

جگە لەوەی زۆر لە خانەوادەکان کەتوونەتە هێڵی تەماس،بەڵام دەزگا خێرخوازییەکان لەوانەش دەزگای خێرخوازی بارزانی سەرەڕای مەترسیەکان  هاوکاری گەیاندۆتە هێڵەکانی تەماس و لەگەڵ ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی وەک لایەنی سێیەم لە هەماهەنگیدان لە بەرەکانی جەنگ و داواشیان لێکراوە کە دڵنیا بدەنە ئەو خانەوادانەی کە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی داعش ماون بۆ ئەوەی روو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بکەن سەر و ماڵیان پارێزراو دەبێت.خەڵکێکی زۆری ناوچەکانی دەوروبەری موسڵ و تەلەعفەر هاتوون و مەترسی ئەوەش هەیە داعش دزەی کردبێتە نێوانیان، چونکە ئەم ناوچانە شەڕی زۆریان تێدا ڕوودادوە و ئەگەری ئەوە هەیە خەڵکەکەی بە ناچاری هاوسۆزییان بۆ داعش هەبێت.بەشێکی ئەو خەڵکانە کەتوونەتە هێڵەکانی تەماس کە شەڕی تێدا ڕوودەدات و مین و خەندەقیشی لێیە لە پشتەوەی ئەو خەڵکە تیرۆریستانی داعشی لێیە و ناتوانین دڵنیا بین کە هاتوچۆی داعش ناکەن یاخود زانیاری لە نێوانیان ئاڵوگۆڕ ناکرێت، هەروەها داعش وەک تەکتکێکی سەربازی هەوڵ دەدات بزانێت لە چ خاڵێکەوە دەتوانێت سەنگەرەکانی پێشمەرگە ببەزێنێت و زەبری سەربازی لە هێزەکانی پێشمەرگە بدات.

## شێخ جەعفەرفەرماندەی یەکەی حەفتای هێزی پێشمەرگەی کوردستان

لە سنووری میحوەری کەرکوک خەڵکێکی زۆر لە عەرەبەکان بەتایبەتی عەرەبەکانی حەویجە ڕوویان لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە کردووە و ئێمە بەردەوام پێشوازییان لێدەکەین، بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە هەوڵ دەدەن لە ڕێگای هێڵەکانی تەماسەوە بێن ئەمەش مەترسیەکی زۆر لەسەر هێزەکانی پێشمەرگە دروست دەکات، چونکە لە رووی ئەمنییەوە  ناکرێت ئێمە سەنگەرەکانی خۆمان بەرووی خەڵکدا بکەینەوە  و لە یەک کاتدا پێشوازی لە خەڵک بکەین و لەگەڵ تیرۆریستان شەڕ بکەین، هەروەها ئەمە دەرفەت دەدات کە تیرۆریستان دزە بکەنە نێو ئەو خەڵکە و لەم ڕووەوە چەند تیرۆریستمان دەستگیر کردووە کە هەوڵیانداوە لە ڕێگای ئەو خەڵکەوە بێنە ناو سەنگەرەکانی پێشمەرگە، هەروەها داعش لە دوورەوە چاودێری ئەوان دەکات کە لە

ڕێگای سەنگەر و هێڵەکانی تەماسەوە دێن و ئەگەر لەو کاتانەدا هێرش بکەن ئەوا کۆنترۆڵ کردنی سەنگەرەکان کارێکی سەخت دەبێت.

## عزیز وەیسی فەرماندەی فەرماندەیی زێرەڤانی

لە هەموو میحوەرەکان پێشمەرگە پێشوازی لەو خەڵکە کردووە و ڕێنمایی بەدواداچوونی هەبووە بە گوێرەی میحوەرەکان، چونکە بە هۆی پێکهاتەی دیمۆگرافی و جوگرافیای ناوچەکە هەر میحوەرێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، جگە لەوەی پێویستە دڵنیا بین لەوەی کە ئەو کەسانەی روو لە ناوچەکانی ئێمە دەکەن هاوکاری داعش ناکەن لەرووی پێدانی زانیاری و دیاری کردنی شوێنەکانی پێشمەرگە، زەحمەتە لەرووی ماددی و مرۆییەوە پێشمەرگە بتوانێت لە یەک کاتدا دژی داعش شەڕ بکات و پێشوازی لە ئاوارەکان بکات و هەوڵی پاراستنی ژیانیشیان بدات.

## بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی (هەولێر):

ئەو ڕێوشوێنانەی کە لە بازگەکان پیادە دەکرێن بەبێ جیاوازی ئەنجام دەدرێن واتە هەر کەسێك پێیدا تێپەڕ بێت و مەبەستیان لێ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستانەوە هەیە و ئەمە لە هەموو شوێنێك پیادە دەکرێ بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە لە حاڵەتی شەڕدان و زۆر جار کەسانی سەر بە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان هەوڵ دەدەن دزە بکەن بۆ نێو هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە لەو خەڵکانەی کە لەگەڵ ئاوارەکان هاتوون چەندین کەس دەستگیرکراون بە تۆمەتی پەیوەندییان بە داعشەوە.

## (بەرپرسی میحوەری (مخمور- گوێڕ) ی هێزەکانی پێشمەرگە)

لە خاڵەکانی پشکنین ئێمە پێشوازییەکی گەرممان لەخەڵک کردووە بەبێ هیچ جیاوازییەک، هەروەها بە پێی توانا هاوکار بووین و ڕێگەمان بۆ خۆشکردوون بۆ ئەوەی بە ئاسانی و بەبێ هیچ گرفتێک هاتووچۆ بکەن، تەنانەت ئەوانەی لێرە ماونەتەوە خواردنمان پێداون، بەشێوەیەک گشتی بازگەکان بەرپرسی پشکنین و هاتووچۆن ئەوان ئاگاداری زیاتری ئەو بابەتەن و ڕێنمایی و ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆیان هەیە.

## (قایمقامی قەزای مەخمور)

ئێمە ڕێوشوێنی ئەمنی توندمان گرتووەتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە کرداری تیرۆرستی بەتایبەتی لە بازگەکان و ئەو شوێنانەی ئاوارەکان تێیدا روو لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دەکەن، چونکە ئەو کەسانەی کە لە موسڵ یاخود لە شوێنەکانی دیکەوە دێن و خۆیان تەسلیم بەهێزەکانی پێشمەرگە دەکەن، هەموو لە دەست داعش ڕایاننەکردووە جاری واهەبووە (١٣) کەس هاتوون (١١)یان لەلایەن ئاسایشەوە داواکراوبوون، زۆرجار هەبووە لەبەر لایەنە مرۆییەکە بەرپرسی ئاسایش ناچار بووە خۆی نان و خواردن بەسەر ئەو ئاوارانەدا دابەشبکات، دوای وەرگرتنی ئەو ئاوارانە ماوەیەک دەیانهێڵینەوە دوای دڵنیابوونمان لێیان ئینجا ڕەوانەی کەمپیان دەکەین.

**(بەرپرسی ناوچەی زوممارى پارتی دیموکراتی کوردستان)**

لە بازگەکان رێوشوێنی ئەمنی زۆر توند دەگیرێتە بەر بەرامبەر بە عەرەبەکان بەتایبەتی لە بازگەی (سحێلا) و ئاستەنگی زۆریان بۆ درووست دەکرێت لەوانە راگرتنیان بۆ ماوەیەکی زۆر لە بازگەکان کە ژمارەیان (٨) بازگەیە لە زوممارەوە تاکو دهۆک، تەنیا بەرێوەبەری ئاسایشی زوممار دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە بەڵگەی هاتوچۆ بۆ ئەو هاووڵاتییانە درووست بکات.

**(بەرێوەبەری شارەوانی زوممار)**

بەشێوەیەکی گشتی هاتوچۆی عەرەبە سوننەکان سنوردار کراوە، بۆ هاتنیان بۆ شاری دهۆک پێویستە رەزامەندی دەزگای ئاسایش وەربگرن هەرچەندە بەشێک لە سەرۆک هۆزەکان و خەڵکی تر دەزگای ئاسایش (6) مانگ نشینگەیان دەداتێ بۆ هاتووچۆکردن، بەڵام کوردەکان پێویستیان بەمە نییە. لە هەندێ حاڵەتی تایبەتی وەک نەخۆشی، دەزگای ئاسایش لەرێگای بروسکەیەک بۆ خاڵەکانی پشکنین ئازادی هاتووچۆ بۆ عەرەبەکان دابین دەکات.

**شێخ أحمد مەحمود ئەلوەرشان شێخی گشت هۆزەکانی حەدیدی لە عێراق و خەلەف ئەلحەدیدی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا**

دانیشتوانی ئەم گوندانەی خوارەوە کە دانیشتوانەکانی تێیدا نیشتەجێن کێشەیان ئەوەیە کە دەورەدراون و بە فەرمانی ئاسایش و بەرپرسی خاڵەکانی پشکنین رێگری لە هاتووچۆکردنیان دەکرێت بۆ قەزای شێخان و پارێزگای دهۆک بە مەبەستی چارەسەری تەندروستی و رایی کردنی ژیانی رۆژانەیان هەروەها رێگایان پێنادرێت مۆبایل بە کاربهێنن و تەنیا موختاری گوند بۆی هەیە مۆبایل بەکار بهێنێت، گوندەکانیش ئەمانەن:

1. گوندەکانی (النركزلية، طاق حرب، طاق ميكائيل) سەر بە قەزای شێخان.
2. گوندەکانی (كويكان، كداد،شويرج) سەر بە ناحیەی بەعشیقە.
3. گوندەکانی (جرغان، كلاته فرحان سندانه عليا، سندانه سفلى) سەر بە ناحیەی ئەلقۆش.

لە خاڵەکانی پشکنین بە شێوازی جیاجیا رێگا لە هاتوچۆی هاووڵاتییە عەرەبەکان دەگیرێت و ئاستەنگیان بۆ درووست دەکرێت و رێوشوێنی بازگەکان سەبارەت بە هاووڵاتییە عەرەبەکان بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

**1- خاڵی پشکنینی ئاڵتون کوپری هەولێر - کەرکوک:**

چوار رێرەو هەیە بۆ چوونە ناوەوەی عەرەبەکان بۆ دڵنیا بوون لە ناسنامە و دۆکیومێنتەکانیان بەڵام لەلایەن خاڵی پشکنینەوە تەنها دوو رێرەو بەکار دەهێندرێت.

رێوشوێنەکان زۆر توند بوون و داوا لە ئۆتۆمۆبیلە حکومیەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، ئەنبار، سەلاح الدین، دیالی، بەغداد، دەکرێت کە رێگە پێدان لە بەرێوەبەرایەتی خاڵەکانی پشکنین بهێنن ئەگەرنا دەست بەسەر ساڵیانەی ئۆتۆمبێلەکە و ناسنامەی شوفێرەکەدا دەگیرێت و تاکو فەمانی رێگەپێدان نەهێنن رێگەیان پێنادرێت برۆن.

دانپێدانەنان بە ناسنامەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی نەینەوا، ئەنبار، سەلاح الدین، دیالی، بەغداد و فەرمانبەرە حکومییەکان و داواکردنی نشینگە لێیان، هەروەها دانپێنەنان بە نووسراو و ڕێگەپێدانی فەرمی کە بەشێوەی فەرمی لە کارگێڕی و دیوانی پارێزگای نەینەوا دەرچووە.

## 2. خاڵی پشکنینی باعەدرێ دەروازەی دهۆک:

دانپێدانەنان بە نشینگەی مانگانە بۆ خەڵکی ڕاگوێزراوی عەرەب و غەیرە عەرەب کە لە هەولێر دەرچووە و ڕێگەنەدان بە چوونەژوورەوە بۆ دهۆک تەنها بە ڕەزامەندی ئاسایشی دهۆک نەبێت. تەنانەت ئەگەر ئەو ڕاگوێزراوانە پێویستیان بە چارەسەری تەندروستی و خوێندن و سەردانی ئەو فەرمانگانەی نەینەواش هەبێت کە بارەگاکانیان لە دهۆکە یاخود گەشت کردن بە ڕێگای وشکانی بۆ تورکیا.

## 3. خاڵی پشکنینی دەروازەی ڕەبیعە - دهۆک:

ڕێگری کردن لە هاووڵاتییە عەرەبەکان بۆ ئەوەی سەردانی شاری دهۆک بکەن بە مەبەستی چارەسەری تەندروستی و دابینکردنی پێداویستیەکانی دیکە تەنها بە هێنانی نووسراو لە ئاسایش نەبێت.

## 4. خاڵی پشکنینی ئالوکا دەروازەی دهۆک:

ڕێگری دەکرێت لە هاووڵاتی عەرەب لە چوون بۆ دهۆک تەنانەت بە مەبەستی چارەسەری تەندروستی و پێداویستیەکانی دیکەش پێویستی بە هێنانی نووسراو لە ئاسایش لە ناحیەی وانە.

## (عەبدولعەزیز دەهام دانیشتووی ناوچەی رەبیعە)

ڕێگا نادرێت ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی ئازووقە دەرباز بێت بۆ گوندەکانمان لە ڕێگەی خاڵی پشکنین بەتایبەتی خاڵی پشکنینی (سحێلا) لەسەر پردی سحێلا کە تەنانەت ڕێگا نادەن کەلوپەلی ناوماڵیش بێتە ناوچەکە، هەروەها لەم بازگانە ناسنامەمان لێ وەردەگیرێت و کاغەزێکمان پێدەدەن کە ناو و ناونیشانی تێدایە بۆ گەڕانەوەمان و بەشی زیاتر لە بازگەی (کەلەک- دهۆک- ڕۆڤیا) ڕێگا نادەن بە ئازادی هاتوچۆ بکەین و بۆ دەرباز بوون و ڕۆیشتن بەرەو هەولێر پێویستە پلیتی فڕۆکەت پێ بێت یان کارتی مانەوە بۆ (٦) مانگ یاخود واستەت هەبێت لەلای ئاسایش ئەمە ڕێوشوێنە توندانەش تەنیا بۆ عەرەبەکانە.

## (شێخ فتحی ابراهیم علی عبدالعزیز شێخی هۆزی جبوری لە ئاسکی موسڵ)

جیاوازیەکی زۆر دەکرێ لە نێوان عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەی ناوچەکە بۆ نموونە لە بازگەکان ڕێگا بە هۆزەکانی (گەرگەری و ئێزیدی و کیکانی و وانکی) یەکان دەدرێت بە ئازادی و بەبێ گرفت هاتوچۆ بکەن بەڵام ئاستەنگی زۆر بۆ عەرەبەکان درووست دەکرێ و دژایەتیمان دەکەن تەنانەت حاڵەتی لە ناکاو و نەخۆشیش لەبەرچاو ناگیرێت بۆ نموونە خەڵک هەبووە تووشی نەخۆشی (شێرپەنجە) بووە لە بازگەکان ڕێگایان پێ نەداوە لە ئەنجامدا گیانی لەدەستداوە.

**(شێخ أحمد مزاحم الحويت سەرۆکی هۆزی جحێش)**

لە کاتی هاتوچۆکردنی دانیشتوانی ئەم ناوچانە بۆ شارەکانی وەك دهۆك و هەولێر پێویستە نووسراوێك لە ئاسایشی زوممار، تەل عیازە، ڕەبیعە بێنن ئەو کات ڕێگەیان پێدەدرێت بە ئاسانی هاتوچۆ بکەن ڕۆژانە نزیکەی (100) تا (200) نووسراوی ڕێگە پێدان دەدرێت و تەنها پێویست بە نیو سەعاتە بۆ تەواوکردنی ئەو ئیجرائاتە، بەڵام ئەو ئاسانکارییە لەکاتی ئێستادا زۆر مەترسیدارە لە ڕووی ئەمنیەوە.

## (عەقید دلێر مەحمود حەسەن بەرپرسی هۆبەی بازگەکانی کەرکوک)

ئێمە لەژێر بارودۆخی ئەمنی زۆر توند هەڵساون بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و پێشکەشکردنی ئەرکی مرۆیی لە پێدانی ئاو و خواردن بۆ ئەم خێزانانە بەپێی توانا و هەروەها جێبەجێکردنی ئەرکی ئەمنی خۆیان بیرنەچووەتەوە لە پشکنینی ورد و سەیرکردنی نووسراو و دۆکیومێنتەکانی ئەو خێزانانە و ئاگادار بوون لە ناوی داواکراوان لە ترسی ئەوەی کە ئەندامانی ئەو گروپانە ئەو هەلە بقۆزنەوە و خۆیان بخزێننە نێوان ئەو خێزانە ڕاگوێزراوانە روو بکەنە ناوەندی شارەکە.

لە خاڵەکانی پشکنین دوابەدوای وردبینکردن لە دۆکیومینتەکانی ئەو خێزانانە و دڵنیابوون لە بێتاوانیان لەلایەن هۆبەی خاڵەکانی پشکنینەوە بە ئۆتۆمبێلی تایبەت کە لەلایەن ڕێکخراوە مرۆییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنیەوە بەهاریکاری لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئامادەکراون دەگوازرێنەوە بۆ کەمپەکان.

ئەو ڕێوشوێنانەی لەبازگە وخاڵەکانی پشکنین بەرامبەر بەو هاوڵاتیانەی کە لە پارێزگاکانی دیکەوە روو لە پارێزگای کەرکوک دەکەن بەمشێوەیەیە:

- سەبارەت بەو هاووڵاتیانەی کە لە پارێزگاکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراقەوە دێن و نەکەوتوونەتە دەست تیرۆریستانی داعش، دەست دەکرێت بە ووردبینکردنی ناسنامەکانیان لەڕێگای ئەو داتا و زانیارییە تایبەتانە لەڕێگای کۆمپیوتەر و بنکەی زانیاریەکان کە لە دەزگای هەواڵگری و ئاسایشی نیشتمانی لە خاڵەکانی پشکنین ئەندامیان هەیە وە دوابەدوای دڵنیابوون لە بێتاوانیان و بەشێوەیەکی ئاسایی ڕێگەیان پێدەدرێت بۆ چوونە ژوورەوە.
- سەبارەت بە هاوڵاتیانی ئەو پارێزگایانەی کە لە لایەن چەتەکانی داعشەوە داگیرکراون، خاڵەکانی پشکنین هەڵدەستن بە ئەنجامدانی هەمان ڕێوشوێن کە لە خاڵی یەکەم ئاماژەمان پێدا و  هەروەها پشتبەستن بەو زانیاریانەی کە لەلایەن دەزگاکانی هەواڵگری، ئاسایشی نیشتیمانی و مەفرەزەکانی ئاسایش پێیاندەگات لەو ناوچانە.
- سەبارەت بە هاووڵاتیانی ئەو ناوچانەی کە لەلایەن تیرۆرستانی داعش داگیرکراوە و دانیشتوانەکەی لە پێکهاتەی جیاجیا پێکهاتووە هەمان ڕێوو شوێنی خاڵەکانی 1 و 2 دەگیردرێتە بەر بەبێ جیاوازیکردن لە نێوان پێکهاتەکان.

- سەبارەت بەو هاووڵاتیانەی کە هیچ زانیاریەکی هەواڵگریان لەسەر نییە و لەو پارێزگایانەوە دێن کە لەلایەن داعشەوە داگیرکراون دوای ئەوەی دڵنیا دەبین لە بێتاوانیان لە ڕووی یاساوە ڕێگەیان پێدەدرێت بچنە ناو پارێزگاکە و بچنە ناو ئەو کەمپانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی یوئێن و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ ئینجا فایلەکانیان تەسلیم بە پۆلیس و ئاسایش و موختاری ناوچەکە دەکرێن، بەمەبەستی دیاریکردنی زانیاری تایبەت وە تەنسیقکردن لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقی.
- سەبارەت بە و هاوڵاتیانەی کە لە پارێزگاکانی باکورەوە دێن و دەچن بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و بە پارێزگای کەرکوکدا ڕەت دەبن وە بە پێچەوانەوەش خاڵەکانی پشکنین هەڵدەستن بە ڕێکخستنی پسوولەی تایبەت وە وەرگرتنی دۆکیومێنتەکانیان و گواستنەوەیان لەو خاڵانەی پشکنین کە لێی دێنەژوورەوە بۆ ئەو خاڵە پشکنینەی کە لێی دەردەچن بۆ پاراستنی سەلامەتیان لە لێپرسینەوە لە لایەن مەفرەزەکانی ناوخۆی کە لەناو پارێزگان و گەیاندنیان بە زووترین کات.
- سەبارەت بە هاوڵاتیانی کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن و ناسنامەی نشینگەی تایبەتیان بۆ ئامادەکراوە لەلایەن هەرێمەوە خاڵەکانی پشکنینمان هەڵدەستن بە وردبینکردن و دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی ئەو ناسنامانی نشینگە و ڕێگەپێدانیان بۆ چوونە ژوورەوە و دەرچوون بۆ ناو پارێزگا لەدوای گرتنەبەری ڕێو شوێنەکان.

## 2- دەستگیرکردنی ئەوکەسانەی کە هەڕەشە و مەترسین لەڕووی ئەمنییەوە

<u>(وەستا رەسول فەرماندەی میحوەری چواری کەرکوک)</u>

لە میحوەرەکان بەندیخانە نییە بۆ گرتن و هێشتنەوەی هیچ کەسێک، هەروەها بە هیچ شێوەیەک پێشمەرگە نانێرین بۆ ناو شار بەمەبەستی دەستگیرکردنی کەس، بەڵام هەندێک کەس هەن داواکراو یان گومانلێکراون و کاری تیرۆریستانە ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە ژمارەیەک خەڵکی ناوچەکە بەر لە چەند ڕۆژێک بۆ جاری دووەم بیرە نەوتییەکانی (خباز)یان تەقاندۆتەوە و مەبەستیان لەمە نانەوەی پشێوی بووە. ئێمە وەکو پێشمەرگە هاوکاری دەزگا ئەمنییەکان دەکەین بۆ دەستگیرکردنیان بەتایبەتی پۆلیس دوای ئەوەی فەرمانی دادگا دەردەچێت بۆ دەستگیر کردنیان.

<u>(دکتۆر کەمال کەرکوکی بەرپرسی میحوەری پێنجی کەرکوک)</u>

ئێمە لە میحوەرەکەمان هیچ شوێنێکمان نییە بۆ دەستگیر کردنی خەڵک و بە هیچ کەسێک بە زۆرەملێ دەستگیر ناکەین، بەڵکو ئەو کەسانەی کە دڵنیاین سەر بە تیرۆریستانی داعشن ئێمە دەستگیریان دەکەین یاخود هاوکاری ئاسایش و پۆلیس دەکەین بۆ دەستگیر کردنیان .

<u>(عەمید سەرحەد قادر بەرپرسی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکوک)</u>

له پارێزگای کەرکوک لیژنەیەکی ئەمنی هەیە کە لەمانەی خوارەوە پێکهاتووە (پارێزگار کە سەرۆکی لیژنەی ئەمنییە،جێگری پارێزگار (عەرەبی سوننەیە)، بەڕێوەبەری پۆلیس (کوردە)، هەردوو ئاسایشی پارتی و یەکێتی، بەڕێوەبەری هەواڵگری (تورکمانی شیعەیە)، بەڕێوەبەری پۆلیسی ناوشار (تورکمانە)، بەڕێوەبەری موخابەرات (عەرەبی سوننەیە)، نوێنەری ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک). ئەرکی ئەم لیژنەیە پاراستنی ئەمنییەتی پارێزگاری کەرکوک هەموو بڕیارەکان بە هاوبەشی لە نێوان ئەندامانی ئەم لیژنەیە دەردەچێت لەوانەش ئەو بڕیارانەی پەیوەندییان بە دەستگیر کردنی گومانلێکراوانەوە هەیە.

زۆر جار کەسانی تاوانبار کە دانیان بە تاوانەکانیان ناوە لەلایەن دادوەرەوە بە بیانووی جیاجیا ئازاد دەکرێن ، کەسانێک هەبوون کە تەقەمەنیان بەدەستەوە بووە لە کاتی دەستگیرکردنیان، بەڵام دواتر ئازاد کراوە هەروەها زۆر جار ئەفسەری لێکۆڵینەوە لەلایەن دادوەرەوە بە بیانووی مامەڵەی خراپ لەگەڵ دەستگیر کراوەکان سزا دراوە ، بۆیە بە بەردەوام لە دادگا ئاستەنگمان بۆ دروست دەکرێت بۆ بەڕێوەچوونی کارەکانمان. بۆ نموونە لە ماوەی شەش مانگدا (٦٢) کەس کە بە تاوانی تیرۆر دەستگیر کرابوون لەلایەن دادوەرەوە ئازاد کران، هەروەها پێش ماوەیەک کەسێکی بە ئایین مەسیحی پێی ڕاگەیاندین دوای ئەوەی باوکی بۆتە موسڵمان لە ماڵەکەیاندا تەقەمەنی بینیوە، کاتێک هەڵمانکوتایە سەر ماڵەکەیان و تەقەمەنیمان دۆزییەوە کە ئەمەش باشترین بەڵگەیە، کەچی دادوەر باوکی کوڕەکەیان ئازاد کرد بۆیە لەبەر درووستکردنی ئەم ئاستەنگانە و هاوکاری نەکردنی دادوەر لەگەڵمان زۆر جار بە ڕەزامەندی جەنابی پارێزگار گومانلێکراوان دەستگیر دەکەین.

دوای ئەوەی لایەنە ئەمنییەکان زانیاری تەواو لەسەر گومانلێکراوان دەدەن بە دادوەر، دادوەر ڕەزامەندی دەدات بە دەستگیرکردنی گومانلێکراوان، فەرمانی دەستگیر کردنیان بۆ دەردەچێت بەم پێیەش ڕێگامان پێدەدات بە گرتن و پشکنین و بەدواداچوونی گومانلێکراوان. دوای دەستگیرکردنی گومانلێکراوان بۆ ماوەی (٧٢) لەژێر لێکۆڵینەوەدا دەبن و دوای ئەوەی بە بەڵگەوە تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە و دان دەنێن بە تاوانەکەیان بەپێی ماددەی (٤) لە یاسای دژە تیرۆر تۆمەتبار دەکرێت و دادوەر بانگی دەکات، ئەوانەی دەستگیر دەکرێن مافی هەبوونی پارێزەر و سکاڵا تۆمارکردنیشیان هەیە لە دادگا دژی هێزە ئەمنییەکان.

ڕێوشوێنی تایبەت بە دەستگیرکردن بەم شێوەی خوارەوەیە:

- گەڕان و پشکنین لەو ناوچانە کە کردەوە تیرۆریستیەکە تێیدا ڕووی داوە.
- کۆکردنەوەی زانیاری و داتای ورد لەسەر تۆمەتبار و تیرۆرستەکان و دیاریکردنی شوێنەکانیان.
- وەرگرتنی ڕەزامەندی بەرپرسی پۆلیسی پارێزگا.
- وەرگرتنی ڕەزامەندی دادوەری لێکۆڵینەوە.
- پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش کە لە گشت پێکهاتەکانی شارەکە پێکهاتووە (کورد، عەرەبی شیعە و سوننە، تورکمان) بۆ هەڵکوتانەسەر تاوانباران و دەستگیرکردنیان.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە گەڵ تاوانبار و دەستگیرکراوەکە.

هەموو ئەو کەسانەی دەستگیر دەکرێن یاخود سزا دەدرێن لەسەر بنەمای یاسایی سزادەدرێن و بەو هۆیەوە دەستگیر دەکرێن کە چەندین بەڵگەیان لە سەرە.

**(لیوا هەلۆ نەجات بەرپرسی ئاسایشی پارتی لە کەرکوک)**

هێزە ئەمنییەکان بە پۆلیس و ئاسایشەوە ناو شار دەپارێزن، بەڵام تیرۆریستان شانەی نوستووی جۆراوجۆریان درووستکرد. کۆنترۆڵکردنی شانە نوستووەکان و مامەڵە کردنی دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک لەگەڵ تیرۆریستان تا راددەیەکی زۆر سەختە.

ئەرکی ئاسایش زیاتر پاڵپشتییە بۆ هێزەکانی پۆلیس بەتایبەتی لە کاتی شەواندا ئێمە مەفرەزە دەنێرین بۆ یارمەتیدانی پۆلیس، لە کاتی هێرشەکانی داعش شان بە شانی برا پێشمەرگەکان لە بەرەکانی جەنگداین، سەبارەت بە پرۆسەی دەستگیر کردن هیچ کەسێک بەبێ فەرمانی دادوەر و دوای رەزامەندی لیژنەی ئەمنی کە لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان پێکهاتووە دەستگیر ناکرێت و هەر کەسێک لەلایەنی هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیر بکرێت بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر دەمێنێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە دواتر بەپێی ئەنجامی لێکۆڵینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

لە کەرکوک نزیکەی (١١) دەزگای ئەمنی هەیە کە زۆریان ئاگایان لە چالاکییەکانی یەکتر نییە بەتایبەتی لە پرۆسەی دەستگیرکردنی گومانلێکراوان.

**(بەڕێوەبەری ئاسایشی زوممار)**

لە دوای ڕزگارکردنی هەر جێگایەک یان گوندێک لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە دانیشتوانی گوندەکە کۆدەکرێنەوە ئافرەتان بەجیا و پیاوانیش بە جیا، هەرکەسێک پەیوەندی بە داعش هەبوبێت بەپێی زانیاری هەواڵگری وەک (وێنە یان تۆماری دەنگی یان دوو شاهید) ئەو کەسانە دەستبەسەر دەکرێن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت بۆ ماوەی (24) کاتژمێر دواتر ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆک دەکرێن تاوەکو لە ڕێگای ئەوان ڕەوانەی دادگا بکرێن.

ئەگەر کەسی داواکراو تیرۆریست بێت و دانپێدانانی لەسەر هەبێت یان فەرمانی گرتنی لە دادگا لەسەری هەبێت و جێگای مەترسی بێت، ئەوا مەفرەزەیەک لەگەڵ ئەنجومەنی گوند دەچن بۆ ماڵی ئەو کەسە بۆ دەستگیر کردنی و ئەو جۆرە دەستگیرکردنەش زۆر کەمە لە کاری ئێمەدا. زۆرجار وادەبێت کە راگیراوێک دان بەتاوان دەنێت لەسەر خۆی و کەسانی تریش، بەڵام ئەو کەسانە لە لای ئێمەوە دەستگیر ناکرێن تاوەکو فەرمانی گرتنیان لە دادگاوە بۆ دەرنەچێت نزیکەی (450) کەس داواکراون لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی دهۆک و پاشان ڕەوانەکراون.

**(بەرپرسی ئاسایشی رەبیعە)**

هیچ جۆرە حاڵەتێکی دەستگیرکردن و بێسەروشوێنکردن لەم سنوورە نییە تەنها حاڵەتی گرتنی کاتی بۆ ماوەی (24) کاتژمێر هەبووە دوای ئەوە خانەوادەکانیان ئاگادار دەکرێنەوە. ئەو کەسانەی کە گیراون گومانیان لێدەکرا کە سەر بە گروپە تیرۆریستییەکانن و زۆربەیان و لە ڕێگای هەواڵدەرە تایبەتە زانیاریمان دەربارەی ئەوانە پێگەیشتووە بە بەڵگەی وێنە یاخود گرتەی ڤیدیۆیی. نزیکەی (876) حاڵەتی گرتن

هەبووە بەپێی مادده (4) لە یاسای تیرۆر، بەڵام ماوەی مانەوەیان لەلایەن ئاسایش تەنها (24) کاتژمێر بووە ئەگەر دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتبێت کە پەیوەندییان بە تیرۆریستانەوە هەیە ڕەوانەی دادگای تایبەت کراون و ئەگەر هیچ بەڵگەیەکی دروستیان لەسەر نەبێت ئەوا ئازاد کراون.

**( بەرپرسی میحوەری (مخمور- گوێڕ) ی هێزەکانی پێشمەرگە)**

ئێمە تەنها کاتێک خەڵک دەستگیر دەکەین کە زانیاری تەواو و بەڵگەی بەهێزمان لە بەردەستدا بێت بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانە، پاش دەستگیرکردنیشیان تەنها بۆ چەند کاژێرێکی کەم لای ئێمە دەمێننەوە و پاش وەرگرتنی زانیاری سەرەتایی رادەستی هێزە ئەمنییە تایبەتیەکان دەکرێن.

**(قایمقامی قەزای مەخمور)**

لەکاتی لێکۆڵینەوەکان هەندێک جار وا پێویست دەکات خەڵکانێک کە ناویان هاتووە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت بۆ ئەوەی دڵنیا ببینەوە لەو کەسانە و دڵنیا ببینەوە لە ناسنامەی ئەنجامدەری ئەم کارە، بەتایبەتی لە ئێستادا کە ژمارەیەکی زۆر ئاوارە ڕوو لە ناوچەکانی لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن. هیچ دەستگیرکردنێکی هەڕەمەکی روونەداوە و هەمووی بە فەرمانی دادوەر بووە، هەروەها دواکەوتنی دادگایی کردنی تۆمەتبارانیش لەسەر داوای دادوەر بووە.

**(بەرپرسی ئاسایشی مەخمور)**

ئێمە بەهیچ شێوەیەک دەستگیرکراو لای خۆمان ناهێڵینەوە بەڵکو ڕەوانەی ئاسایشی هەولێری دەکەین و لەسەر ئەو زانیاریانەی کە بۆمان دێت دوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەمنی هەڵدەستین بە دەستگیرکردنی ئەو تۆمەتبارانە. هەندێک جار ناچارین بەشێوەیەکی کت و پڕ ڕێوشوێنی توند سەبارەت بە هاتووچۆ بگرینەبەر. ئێمە زانیاریمان هەبوو کە کەسی خۆکوژ لەناوچەکە هەیە نەمانهێشت کەس داخل بێت. سەبارەت بە دەستگیرکردنی گومانلێکراوان ئێمە پشت بە زانیارییەکانی هەواڵدەری نهێنی دەبەستین.

**(بەرپرسی ئاسایشی گوێڕ)**

ئێمە هیچ کەسێک بە بێ بنەما و بەبێ فەرمانی دادگا دەستگیر ناکەین هەموو ئەو کەسانە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دادگا دەستگیردەکرێن و ئەمەش هیچ پەیوەندی بەوە نییە کە کوردن یا عەرەب، هەرکەسێک داواکراوبێت ئەگەر کوردبێت یان عەرەب دەستگیر دەکرێت ئەمەش لەپێناو پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەیە بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت کە ئەو کەسانەی سەر بە داعشن بێنە ناوچەکەوە و رەوشی ئەمنی ناوچەکە بشێوێنن.

**(شێخ طه محمد شحاده شێخی هۆزی لهێب)**

هەندێک کەسی سەر بە هۆزەکەمان کە ژمارەیان 100 کەس دەبێت لە گوێڕ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئەم ناوچەیە دەستگیرکراون و داواکارین کە کرداری لێکۆڵینەوە لەوانە خێراتر بکرێت، ئەوەی تاوانبارە سزای خۆی وەرگرێت و بێتاوانەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە گرتووخانەکاندا نەمێننەوە، من وەک یەکێک لە شێخەکانی هۆزی لهێب دەمەوێت ئەوە بڵێم کە لەم ناوچەی

ئێمە لەساڵی 2003 ـەوە هیچ دەستگیرکردنێکی نایاسایی ئەنجامنەدراوە وە ئێمە لەگەڵ هەموو ئیجرائاتێکی ئەمنیداین لەکاتی ئێستادا.

**(شێخ المغداد فارس بەرپرسی حەشدی عەشایری)**

ئێمە وەک حەشدی عەشایری دژی داعش لە ریزی پێشمەرگە شەڕدەکەین، خۆم سەردانی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێرم کرد سەبارەت بەو کەسانەی کە لە ریزەکانی ئێمە وەک حەشدی عەشایری بوون دەستگیرکراون و شەڕیان لە دژی داعش کردووە، بەشێک لەو کەسانەی کە ئاسایش دەستگیریان کردبوو ئێستا ئازادیان کردوون، بەڵام بەشێکیان تا ئێستاش دەستگیرکراون و ئازادنەکراون. کێشەی سەرەکی ئێمە هەواڵدەری نهێنییە (مخبر سری) کێشەی زۆری دروستکردووە بۆمان بەهۆی هەواڵی نادروستەوە و ئەم هەوڵدەرە نهێنیانە بوونەتە هۆکار ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئێمە کە هیچ تاوانێکیان نییە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لەسەر بنەمای قسەی ئەم هەواڵدەرانە دەستگیربکرێن.

**(یاسین أبراهیم أحمد-گوندی تەل شعیر)**

کێشەی هەواڵدەری نهێنی (مخبری سری) و بازگەکانمان هەیە، خەڵک هەیە بۆ ماوەیساڵێک لەسەر هەواڵێکی نادروستی هەواڵدەرێکی نهێنی دەستگیردەکرێت کە لەوانەیە بەهۆی کێشەی شەخسیەوە بوو بێت یان بە هەڵە تێگەیشتنێک، بۆیە پێویست دەکات کە هێزە ئەمنییەکانی ئەم ناوچەیە لەسەر بنەمای هەواڵدەری نهێنی هیچ کەسێک دەستگیر نەکەن و پاش بوونی زانیاری ورد و دروست و بەڵگەی تەواو ئەوکاتە دەستگیر بکرێن.

## 3- نیشتەجێکردنی ئاوارە و راگوێزراوەکان لە کەمپەکان

**وەزارەتی ناوخۆ:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیداوە بەپێی توانای خۆی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی ئاوارەکان دابین بکات لە هەموو بوارێکەوە بەتایبەتی لە بواری ئاسایشی کەمپەکانی ئاوارە و پەناران کەیەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە میکانیزمێکی تایبەت دانراوە بۆ پاراستنی ئاسایشی کەمپەکان، پەیرەو دەکات بۆکۆنترۆڵ کردنی کەمپەکان لە هەموو روویەکەوە ئەم میکانیزمەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- لە گشت کەمپەکان بەگوێرەی قەبارەی کەمپەکە و ژمارەی ئەو ئاوارە و پەنابەرانەی تێیدا نیشتەجێن پۆلیس و ئەفسەر دانراون بۆ پاراستنی ئاوارە وپەنابەران و کۆنترۆڵکردنی هاتن و چوون بۆ ناو کەمپ و پاراستنیان لە هەر رووداوێك وەك دزی کوشتن.. هتد. ئەم پۆلیسانە لەگشت کەمپەکان شوێن وجێگای خۆیان هەیە لە دەروازە و چوار دەوری کەمپ.
- بە بەردەوامی پۆلیسی بەرگری شارستانی بە کاری خۆیان هەڵدەستن لە ناو کەمپەکان سەبارەت بە ئەگەری رووداوی ئاگرکەوتنەوە یاخود هەر رووداوێکی دیکەی پەیوەندیدار بە ئیش و کاری بەرگری شارستانی.

له کەمپەکان بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان سەر بە وەزارەتی ناوخۆ کاری خۆیان دەکەن، بۆئەم مەبەستە هەستاون بە دانانی(21) تیمی گەڕۆك (مۆبایل تیم) کە پێکدێن لە (41) ئەفسەری پۆلیس بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەم تیمانەوە بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی لەگشت کەمپەکان بە ئاسانی کاری خۆیان ئەنجام بدەن و بوونیان یان هەبێت و لەم بارەیەوە ئێستا بەسەدان کێشەی خێزانی ناو کەمپەکان لەم بەرێوەبەرایەتیانە چارەسەرکراون.جگە لەم هۆبانە پۆلیسی توندوتیژی بارەگایان لەناو کەمپەکاندا هەیە.

**(وەستا رەسول فەرماندەی میحوەری چواری کەرکوک)**

ئێستا لە کەرکوک زیاتر لە نیو ملیۆن ئاوارە هەیە و ئەم پرۆسەیەش بەردەوامە ئێمە پێشوازییان لێدەکەین و هاوکارییان دەکەین، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئێمە خەڵک لە شوێنی خۆیان بە زۆرەملێ ناگوازینەوە، بەڵام هەوڵ دەدەین ئەو ئاوارانە لە یەک ڕێگاوە بێن بۆ ئەوەی سەنگەرەکانمان هەڵنەوەشێنرێنەوە و نەبنە ئامانجێک بۆ داعش. ئەو کەسانەی شوێنی خۆیان جێدەهێڵن و روو لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە دەکەن ئێمە رێزیان لێدەگرین و دوای ئەوەی بە رێوشوێنە ئاساییەکانی بازگەکاندا تێپەڕ دەبن دەیانبێرین بۆ کەمپی (نزراوە) و هاوکارییەکی زۆریشیان دەکەن بەتایبەتی شێخ و کەسایەتییە دیارەکانیان و زۆر جار بە ئۆتۆمبیلەکانی خۆمان دەیانبێرین بۆ کەمپەکان و لەم رووەوە پۆلیسیش هاوکارییەکی زۆری ئێمە دەکات، چونکە کۆنترۆڵ کردنی سەنگەرەکان و پێشوازی کردن لە ئاوارەکان لە یەک کاتدا کارێکی ئاسان نییە، بۆ ئەم مەبەستەش لە ماوەی رابردوودا (٤٢٠) کەس لە ڕێگای سەنگەرەکانی ئێمەوە هاتوون و لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکاریان کردوون.

**(عەمید سەرحەد قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا ناحیەکانی کەرکوک)**

زۆر جار خەڵکی ناوچەکان خۆیان شوێنەکانی خۆیان چۆڵ دەکەن و هەوڵ دەدەن لە ناوچەکانی شەڕ دوور بکەونەوە بۆ نموونە بەشێکی دانیشتووانی گوندی (مکتب خالد) روویان لە کەرکوک و حەویجە کردووە، رۆژی 2014/11/26 شەڕێکی قورس لەو گوندە روویدا و هاوپەیمانان رایانگەیاند (٤) ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو لەو گوندە ئامادە کراوە و دواتر هاوپەیمانان تەقاندوویانەتەوە.

هەروەها گوندی مریم بگ دەکەوێتە ئەو دیوی پرۆژەی ئاودێری (ری صدام) کە دەکەوێتە پشت سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە و بەردەوام لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە بۆردوومان دەکرێت، بۆیە لەلایەن خەڵکەکەی چۆڵ کراوە و ناتوانن بگەڕێنەوە، ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی بە هێزە ئەمنییەکانەوە نییە و بە هیچ شێوەیەک ڕێگایان لێ نەگیراوە بگەڕێنەوە.

**(لیوا هەڵۆ نەجات بەرپرسی ئاسایشی پارتی لە کەرکوک)**

رۆژانە نزیکە (١٠٠-٢٠٠) ئاوارە روو لە کەرکوک و دەوروبەری دەکەن ئەمەش ئەرکێکی زەحمەتە و ڕێکخراوە مرۆییەکان وەکو پێویست هاوکاریمان ناکەن و لە کاتژمێر (٣)ی دوای نیوەڕۆ دەرگاکانی خۆیان دادەخەن. بۆ ڕێکخستنی هاتنی ئاوارەکان کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخەکە بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر ئاوارەکان لە (دبس) دەمێننەوە دواتر بۆ کەمپەکانی لەیلان و یەحیاوا

دەگوازرێنەوە و شوێنیان بۆ دابین دەکرێ، بەڵام بەشێکیان لە کەمپەکاندا بە واستە دەهێنرێنە دەرەوە و دێنە ناو سەنتەری شار، تەنانەت هەندێکیان ناسنامەی ساختەیان بۆ کراوە تاکو بتوانن بێنە بۆ ناو شاری کەرکوک.

بارودۆخی ئاوارەکان بە گشتی خراپە ئەمەش دەبێتە هۆی تێوەگلانیان لەگەڵ تیرۆریستان کە پێویستە لە کەمپەکان نیشتەجێ بکرێن و بخرێنە ژێر چاودێرییەوە، هەروەها بەشێکی زۆریان لە ترسی هێرش و دەستدرێژی گرووپەکانی (الحشد الشعبی) ئامادە نین بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.

گوندی (گوبیبە) بە هۆی هێرشی هێزە ئەمنییەکان و بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکان چۆڵ کراوە و ئێستا زۆربەی دانیشتووانی لە کەرکوک نیشتەجێن، هەروەها دانیشتووانی گوندەکانی (بای حسن و مالحە) لەبەر ئەوەی لە هێڵەکانی تەماسەوە نزیکن گواستراونەتەوە بۆ کەمپەکان.

**(دکتۆر نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک)**

لە ساڵی ٢٠٠٦ نزیکەی (٧٠٠٠) خانەوادەی عەرەب هاتوونە کەرکوک و ماونەتەوە کە زۆربەیان خەڵکی ناوچەی سەڵاحەددینن و ناگەڕێنەوە، چونکە ئاوارەکانی ئەو شوێنانەی کە سوننە و شیعە تێکەڵن ئامادە نین بگەڕێنەوە.

دوای هێرشەکانی داعشیش سەدان هەزار ئاوارە رووی لە کەرکوک کردووە و ئێستا نزیکەی (٦٠٠،٠٠٠) شەش سەد هەزار ئاوارەی شارەکانی (ئەنبار، موسڵ، تکریت، دیالا) لە کەرکوک هەن لە نێویاندا (70) هەزار قوتابی هەن کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا دەخوێنن ئەمەش بارگرانییەکی زۆری بۆ پارێزگای کەرکوک درووستکردووە.

**(دکتۆر کەمال کەرکوکی بەرپرسی میحوەری پێنجی کەرکوک)**

دوای دەستگیرکردنی گومانلێکراوەکان و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان دەیاننێرین بۆ کەمپەکانی (لەیلان و نزراوە)، هەر لەم بارەیەوە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی حەویجە و دەوروبەری ئێستا شوێنەکانی خۆیان جێهێشتووە و ئەوانەی لەبەر ئەوەی ناوچەکەیان دەکەوێتە هێڵی تەماسەوە یان گومانیان لەسەرە، رێگامان پێیان نەداوە بگەڕێنەوە، بەڵکو ناردوومانە بۆ کەمپەکانی لەیلان و نزراوە.

**(شێخ صباح نجم الدین شێخی گوندی هندیەی نوێ لە کەرکوک)**

، لایەنە ئەمنییەکان هاوکارییەکی زۆرمان دەکەن بەتایبەت ئەو هاووڵاتییانەی کە پەیوەندییان بە داعشەوە نەبێت، بەڵام ئەوانەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە یان گومانلێکراو و تاوانبار بن و بەڵگەیان لەسەر هەبێت ئەوا لایەنە ئەمنییەکانی بەپێی یاسای مامەڵەیان لەگەڵیاندا کردووە.